لەئاکامی تەقینەوەی پاشماوەیەکی جەنگی لە سلەمانی منداڵێک گیانی لەدەست دا

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان لە پارێزگای سلەمانی، هەواڵی گیانلەدەستدانی منداڵێکی بڵاوکردەوە، لەئەنجامی تەقینەوەی پاشماوەی جەنگی لە یەکێک لە گوندەکانی سنورەکە.

وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتییەکە، عەمید عەلی جەمال قەدووری، لە لەدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا کە دەست "موتەبع" کەوتووە، ڕایگەیاندووە، "ئەمڕۆ بەشی پزیشکی دادیی لە شاری کەلار تەرمی منداڵێکی تەمەن 9 ساڵانیان پێگەیشت کە لە ئەنجامی تەقینەوەی پاشماوەیەکی جەنگی لە گوندی حاجی عەواد، سەر بە ناحیەی سەرقەڵا، لە چوارچێوەی ئیدارەی گەرمیاا سەر بە پارێزگای سلەمانی، گیانی لەدەستدا."

ئاماژەی بەوەشکرد، "هووداوەکە دوای ئەوە بوو کە منداڵە مردووەکە (سەفین یادگار حەمید) دەستکاری پاشماوەیەکی کەنی جەنگی کردووە، لەکاتێکدا لەدەرەوەی گوندەکە بووە بە لەوەڕاندنی ئاژەڵ"، هوونیشیکردەوە "پۆلیس گەیشتووەتە شوێنی هووداوەکە ودەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە".